٥٥ فائدة في
يوم عرفة

Ba_Kurty

# ٥٥ خاڵی گرنگ و بەسوود
# سەبارەت بە
# ڕۆژی عەرەفە




تۆڕی زانستی بەهەشت
www.ba8.org

بسم الله الرحمن الرحيم

وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە ستافی

ماڵپەڕی بەهەشت ، ماڵپەڕی وەڵامەکان ، کەناڵی بەکورتی

ba8.org - walamakan.com

مافی بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو موسڵمانێکە

**الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه ، أما بعد:**

خوشک و برای موسڵمان ئەم نامیلکەیە بریتی یە لە ٥٥ خاڵی گرنگ و بەسوود سەبارەت بە ڕۆژی عە رەفە، داوا دەکەین لە خوای گەورە سوودی هەبێت بۆ هەموو لایەک .

١- ڕۆژی عەرەفە لە دە ڕۆژە پڕ خێر و چاکە و بەرەکەتەکەیە (الأيام العشر)، باشترین ڕۆژی دونیایە، لە دوای یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، بەڵکو هەندێك لە زانایان دەفەرموون: لەو ڕۆژەش باشترە، بەڵام تەواوتر ئەوەیە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان فەزڵی زیاترە و باشترە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **"إِنَّ أَعْظَمَ الْأَيَّامِ عِنْدَ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَوْمُ النَّحْرِ"**. [١]

واتە: گەورەترین و باشترین ڕۆژ لای خوای گەورە ڕۆژی جەژنی قوربانە.

---

[١] رواه أبو داود (١٧٦٥)، وصححه الألباني.

٢- ڕۆژی عەرەفە نۆیەم ڕۆژە لە دە ڕۆژی سەرەتایی مانگی حاجیان کە باشترین ڕۆژەکانی ساڵە، کاتەکانی فەزڵ و گەورەیی خۆی هەیە، زوو تێدەپەڕێت، تەمەنیش سنووردارە، بۆیە باوەڕداریش دەستپێشخەری دەکات لە کاتەکانی، و پەلە دەکات لە ڕازیکردنی پەروەرردگاری بە کردنی کردەوەی چاکەی زۆر.

٣- ڕۆژی عەرەفە ئەو ڕۆژەیە کە دین تیایدا تەواو بوو ، وە خوای گەورە نیعمەتی خۆی تەواوکرد بەسەر موسڵمانان ، یەکێك لە جولەکەکان بە عومەری کوڕی خەتتابی وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایەتێک هەیە لە قورئانەکەی ئێوە و دەیخوێننەوە، ئەگەر ئەو ئایەتە بەسەر

ئێمەدا داببەزییایە دەمانکردە جەژن، پێی فەرموو: چی ئایەتێکە؟ وتی: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا) (المائدة: ٣).

واتە: ئەمڕۆ دینەکەی خۆم بۆتان تەواو کرد، هەرگیز پێویستتان بە زیادە نابێت، وە نیعمەتی خۆم تەواو ڕژاند بەسەرتاندا، وە ڕازی بووم کە ئیسلام دینی ئێوە بێ تا ڕۆژی قیامەت.

فەرمووی: دەزانم ئەو ئایەتە لە کوێ و کەی دابەزی بەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ، لە کێوی عەرەفە ڕاوەستابوو وە ڕۆژی هەینی بوو. رواه البخاري (٤٥)، ومسلم (٣٠١٧).

٤- خوای گەورە لە ڕۆژی عەرەفە دینەکەی خۆی تەواو کرد لە حەجی ماڵئاوایی، جمهوری زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) دەفەرموون: خوای گەورە دینەکەی خۆی بەسەر هەموو دینەکانی تر ئاشکرا کرد، هیچ موشریکێك لەو ساڵەیا لەگەڵیان حەجی نەکرد، لەدوای ئەم ئایەتە چەند ئایەتێکی تر دابەزی لەسەر حوکمەکان، وەکو ئایەتی ڕیبا و کەلالە (ئەوەیە کەسێك دەمرێت کوڕ و کچ وە نەوەی کوڕی یان کچی لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵێت، بەڵکو مامە و ئامۆزا دەبن بە میراتگری)، وە جگە لەو ئایەتانەش. تفسير الطبري (٨٠/٨)، والبغوي (١٣/٣)، وابن عطية (١٥٤/٢)، وفتح القدير للشوكاني (١٣/٢).

٥- ڕۆژی عەرەفە لە باشترین ڕۆژەکانە لای خوای گەورە، خوای گەورە فەرمانەکانی لەو ڕۆژە بە گەورە داناوە، وە خوای گەورە میهرەبانە و بە ڕەحمە لەگەڵ بەندەکانی، وەڵامی دوعاکانیان دەداتەوە، و خوای گەورە لە تاوانەکان خۆش دەبێت، و شانازی دەکات بە بەندەکانی لەلای فریشتەکان. (شانازیکردنێك کە شایستەیە بە خوای گەورە و ناشوبهێنرێت بە دروستکراوەکانی).

٦- لە فەزڵ و پلە و پایەی ڕۆژی عەرەفە خوای گەورە سوێندی پێ خواردووە، خوای گەورە فەرموویەتی: [وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ] واتە: وە سوێند دەخوات بە شایەت و شایەت لەسەردراو.

ڕۆژی عەرەفە (مشهود)ە، لەبەر ئەوەی خەڵکی لەو ڕۆژە شایەتی دەدەن، واتە: لەوێ ئامادە دەبن و کۆدەبنەوە، فەرموودەیەک هاتووە بە مەرفوعی: "اليَوْمُ المَوْعُودُ يَوْمُ القِيَامَةِ، وَاليَوْمُ المَشْهُودُ يَوْمُ عَرَفَةَ، وَالشَّاهِدُ يَوْمُ الجُمُعَةِ "رواه الترمذي (٣٣٣٩)، وحسنه **الألباني**.

واتە: (يوم الموعود) ڕۆژی دوایی یە، (يوم المشهود) ڕۆژی عەرەفەیە، (شاهد) ڕۆژی هەینی یە.

٧- وەستانی حاجییەکان لە کێوی عەرەفە یادخستنەوەی ڕاوەستانە لە ڕۆژی قیامەت وە لەبەرکردنی ئەو پۆشاکە سپییە یادخستنەوەیە بۆ کفن، خوای گەورە دەربارەی ڕۆژی دوایی فەرموویەتی: [إِنَّ

[ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِمَنْ خَافَ عَذَابَ الْآخِرَةِ ذَلِكَ يَوْمٌ مَجْمُوعٌ لَهُ النَّاسُ وَذَلِكَ يَوْمٌ مَشْهُودٌ ] (هود: ١٠٣).

واتە: بە دڵنیایی ئەم لەناوبردنی کافرانو ڕزگار کردنی باوەڕدارانە پەندو ئامۆژگاری تیایە بۆ کەسێك کە لە سزای ڕۆژی دوایی بترسێت، کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە هەموو خەڵکی سەرەتاکانو کۆتاییەکانی بۆ کۆ ئەکرێتەوە بۆ لێپرسینەوە، وە ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی قیامەتە هەموو خەڵکیو فریشتەکانو پێغەمبەران ئەیبینن و ئامادەی ئەبن.

٨- لە فەزڵ و پلەوپایەی ڕۆژی عەرەفە ئەوەیە ئەو ڕۆژە: (وتر)ە، کە خوای گەورە سوێندی پێ خواردووە، [وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ] (الفجر: ٣).

ئیبنو عەبباس و عیکریمە و ضەححاك (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لێبێت) فەرموویانە: الشفع: یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە -کە دەیەم ڕۆژی مانگی حاجیانە- الوتر ڕۆژی عەرەفەیە -کە نۆیەم ڕۆژی مانگی حاجیانە-.

تفسیر الطبري (٣٤٨/٢٤)، والقرطبي (٤٠/٢٠)، وابن کثیر (٣٩١/٨).

٩- بە صەحیحی هاتووە لە ئەبی زوبێرەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە جابرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: "مَا مِنْ يومٍ أَفْضَلُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ يومِ عَرَفَةَ يَنْزِلُ اللَّهُ إِلَى

**السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيُبَاهِي بِأَهْلِ الْأَرْضِ أَهْلَ السَّمَاءِ".** رواه ابن حبان (٣٥٨٣), وغيره.

واتە: هیچ ڕۆژێک نییە بەڕێزترو باشتر بێت لەلای خوای گەورە وەکو ڕۆژی عەرەفە، لەو ڕۆژە خوای گەورە دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا و شانازی دەکات بە خەڵکی ئەو شوێنە لەلای فریشتەکان.

لە ئوم سەلەمەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هاتووە، فەرموویەتی: باشترین ڕۆژ ئەو ڕۆژەیە خوای گەورە دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا. وترا: ئەی دایکی باوەڕداران ئەو ڕۆژە چی ڕۆژێکە؟ فەرمووی: ڕۆژی عەرەفەیە. الرد على الجهمية للدارمي (١١٣٧)، وشرح أصول اعتقاد أهل السنة للالكائي (٣/٤٩٩).

شێخول ئیسلام (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی: لە چەند فەرموودەیەك بۆمان باسکراوە کە خوای گەورە لە ڕۆژی عەرەفە دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا. مجموع الفتاوى (٣٧٣/٥).

١٠- خوای گەورە لەو ڕۆژەدا ئەوەندەی ویستی لێبێت خەڵکی ڕزگار دەکات لە ئاگری دۆزەخ لەوانەی لە کێوی عەرەفە ڕاوەستاون وە جگە لەوانیش کە لەوێ نین لە موسڵمانان، بۆیە ئەو ڕۆژەی لەدوای دێت دەبێت بە جەژن بۆ هەموو موسڵمانان ئەوەی لەوێ بووە و ئەوەی لەوێش نەبووە، لەبەر ئەوەی هەموویان بەشداربوونە لە ڕەحمەت و لێخۆشبوونی خوای گەورە،

بەڵام هەموو موسڵمانان بەشدارنەبوونە لە حەجکردن لەو ساڵە چونکە حەج لە هەموو تەمەن تەنها یەکجارە ئەویش وەکو ڕەحمەتێك بۆ موسڵمانان. لطائف المعارف، لاپەرە (٢٧٦).

١١- ڕۆژی عەرەفە ڕۆژی چاکەیە و گومانی باش بردنە بە خوای گەورە و دووربوون لە بێئومێدبوون لە ڕەحمی خوای گەورە، وە خوای گەورە فەزڵ و میهرەبانی خۆی دەڕژێنێت بەسەر خەڵکی کە لەو شوێنەن.

عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرمووێت: بەرەبەیانی ڕۆژی عەرەفە چووم

بۆلای سوفیانی سەوری لەسەر ئەژنۆکانی بوو دەگریا، پێم وت: کێ خراپترین کەسە لەم ڕۆژەدا؟ فەرمووی: ئەو کەسەی گومانی وابێت لەم ڕۆژەیا خوای گەورە لێی خۆش نابێت. لطائف المعارف، لاپەڕە (٢٨٧).

١٢- فەزڵ و گەورەیی ئەو ڕۆژە کە لێخۆشبوونی خوای گەورەیە و ڕزگارکردنی موسڵمانانە لە ئاگری دۆزەخ تەنها ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە حەج دەکەن و لەو شوێنەن، بەڵکو هەموو موسڵمانان دەگرێتەوە کە هۆکارەکانی لێخۆشبوون دەگرنەبەر.

١٣- فەزڵ و گەورەیی ئەو ڕۆژە هەموو موسڵمانان دەگرێتەوە ئەوەی لەو شوێنەیە و حەج دەکات و ئەوەی

لەوێش نییە، بەڵام ئەوەی لەوێ یە هەم فەزڵی ئەو شوێنەی دەست دەکەوێت وە فەزڵی ئەو ڕۆژەش.

١٤- سونەتە موسڵمان لەو ڕۆژەدا عیبادەتی خوای گەورە زیاتر بکات و هۆکاری لێخۆشبوون و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ بگرێتەبەر، لەوانە زۆر زیکرکردن بە تایبەتی (لا إله إلا الله) "کە بنچینەی دینە و خوای گەورەش دینی بەوە تەواو کردووە". لطائف المعارف، لاپەڕە (٢٨٣).

١٥- لەو فەرموودەیە هاتووە: **"خَيْرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ، وَخَيْرُ مَا قُلْتُ أَنَا وَالنَّبِيُّونَ مِنْ قَبْلِي: لَا إِلَهَ إِلَّا**

اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ"[٢] رواه الترمذي (٣٥٨٥)، وحسنه **الألباني**.

واتە: باشترین و چاکترین دوعا بکرێت دوعاکردنە لەڕۆژی عەرەفە، وە باشترین دوعایەك من و پێغەمبەرانی پێش من کردبێتیان لەو ڕۆژەدا: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ المُلْكُ وَلَهُ الحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ.

١٦- جۆری پاداشت لە جۆری کردەوەیە، هەرکەسێك کۆیلەیەك ڕزگار بکات خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەکات، وە ئەوەی زۆر (لا إله إلا الله) بکات و تەوحیدی خوای گەورە جێبەجێ

بکات وەکو ئازادکردنی کۆیلەیەك وایە، هەرکەسێکیش کۆیلەیەك ئازاد بکات خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ ئازادی دەکات.

١٧- جێبەجێکردنی تەوحید وەکو ئازادکردنی کۆیلە وایە، ئازادکردنی کۆیلەش ڕزگاربوون لە دۆزەخی بەدوایا دێت.

لەو فەرموودەیە هاتووە: " مَنْ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ , كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ، وَكُتِبَتْ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ، وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ، ... " رواه البخاري (٣٢٩٣)، ومسلم (٢٦٩١).

واتە: هەرکەسێك بڵێ: ﴿لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ سەد جار لە ڕۆژێکدا وەکو ئەوەیە دە کۆیلەی ئازاد کردبێت، سەد چاکەی بۆ دەنوسرێت، و سەد خراپەی لێ دەسڕێتەوە، ...

١٨- وتنی لا إله إلا الله بەدڵسۆزی و ڕاستگۆییەوە، تاوان دەسڕێتەوە، سڕینەوەیەك کە هیچ شوێنەوارێکی نەمێنێت، وە هیچ کردەوەیەك پێشی ناکەوێت... وە ئەوەی لە دڵی یەوە بیڵێت بە دڵسۆزی خوای گەورە حەرامی دەکات کە ئەو کەسە بچێتەوە دۆزەخەوە. لطائف المعارف، لاپەڕە (٢١٤).

١٩- پێشینە چاکەکان (ڕەزای خوایان لێبێت) لەو ڕۆژەدا کردەوەی چاکیان زیاتر دەکرد و زیاتر تێدەکۆشان بۆ کردەوەی چاك، حەکیمی کوڕی حیزام (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لەو ڕۆژەدا سەد وشتر و سەد کۆیلەی دەهێنا و کۆیلەکانی ئازاد دەکرد، خەڵکی دەستیان دەکرد بە گریان و دەیان ووت: ئەی پەروەردگارمان، ئەمە بەندەی تۆیە کۆیلەکانی ئازادکرد، تۆش ئێمە ئازاد بکە. لطائف المعارف، لاپەڕە (٢٨٣).

هەر باوەڕدارێك کۆیلەیەك ئازاد بکات خوای گەورەش بەپێی هەموو ئەندامەکانی لاشەی ئەو کەسە ئازاد دەکات لە ئاگری دۆزەخ.

٢٠- سونەتە لەو ڕۆژەدا زۆر زیکری خوا بکرێت لە هەموو شوێن و حاڵەتێکدا، بە دانیشتن و ڕۆیشتن و ڕاکشان.

٢١- زۆر وتنی: لا إله إلا الله و الحمد لله و الله أكبر، لە دەڕۆژی سەرەتای مانگی حاجیان -کە عەرەفەیشی تیایە- رواه الإمام أحمد (٥٤٤٦)، وصححه محققو المسند.

واتە: لە ڕۆژی عەرەفە زۆر **لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، الْحَمْدُ لِلَّهِ** تیا بکەن.

٢٢- ئەگەر ڕۆژی عەرەفە بکەوێتە ڕۆژی هەینی یەوە، ئەوە خێر لەدوای خێر، ڕۆژی جەژنە لەگەڵ جەژن، کە دوو ڕۆژن باشترین ڕۆژەکانن دەکەونە یەك

ڕۆژەوە، وە ئەو ڕۆژە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە یەک ڕۆژەوە، وە دوعا تیایدا وەردەگیرێت لەدوای عەسرەوە کە خەڵکی لەو شوێنە کۆدەبنەوە و دوعا دەکەن، وە جگە لەوە چەندین فەزڵ و تایبەتمەندی تری هەیە. زاد المعاد (١/٦٠).

٢٣- هەندێك لە خەڵکی بڕوایان وایە ئەگەر ڕۆژی عەرەفە بکەوێتە ڕۆژی هەینی یەوە، ئەوا حەجکردن خێری حەوت حەجی هەیە، یان حەفتا، یان حەفتاو دوو، یان جگە لەوەش دەڵێن، هەمووی پوچەڵە و هیچ بنچینەیەکی نییە.

٢٤- ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عەرەفە سوننەتێکی پێغەمبەری خوایە ﷺ و پاداشتێکی گەورەی هەیە، گوناهی دوو ساڵ دەسڕێتەوە، ساڵێکی پێشوو وە ساڵێکی داهاتوو، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ، أَحْتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ، وَالسَّنَةَ الَّتِي بَعْدَهُ " وفي رواية: "يُكَفِّرُ السَّنَةَ الْمَاضِيَةَ وَالْبَاقِيَةَ" رواه مسلم (١١٦٢).

واتە: ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عەرەفە واحسێب دەکەم گوناهی دوو ساڵ بسڕێتەوە ساڵێك پێش و ساڵێك دوای. وە لە ڕیوایەتێکی تردا «گوناهی دوو ساڵ دەسڕێتەوە ساڵێك ڕابردوو و ساڵێك داهاتوو».

٢٥- تەواوتر و باشتر وایە بۆ ڕۆژووگرتنی ڕۆژووی عەرەفە نییەتی تەنها ئەو ڕۆژە بهێنرێت تێکەڵ بەڕۆژووی تر نەکرێت (وەك لەگەڵ دوو شەممە یان ..) وە لە شەوەوە نییەتی هەبێت، تاوەکو پاداشتی تەواو بەدەست بێت، وە هەستان بۆ پارشێو ئەوە بۆ خۆی نییەتە.

٢٦- پێویستە لەسەر خاوەن ماڵ و ئەوانەی کەسانێکیان لەژێر دەستە و سەرپەرشتی دەکەن هەڵیان بسێنن بۆ پارشێوکردن تا ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە بگرن.

سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەیفەرموو: "خزمەتکارەکانتان هەڵسێنن بۆ پارشێوکردن تا ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە بگرن".

٢٧- ئەگەر ڕۆژی عەرەفە بکەوێتە ڕۆژی هەینی یان شەممەوە، دروستە ڕۆژووگرتن تێیدا چونکە مەبەست پێی ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفەیە. فتح الباري (٢٣٤/٤)، وفتاوى ابن باز (٤١٤/١٥)، وفتاوى ابن عثيمين (٥٨/٢٠).

٢٨- ئەگەر کەسێك ڕۆژووی قەرزی لەسەربوو دروستە ڕۆژووی عەرەفە بگرێت دواتر قەرزەکەی بگرێتەوە -لەسەر وتەی تەواو-، چونکە ئەو ڕۆژووە کاتەکەی دیاریکراوە تەنها ڕۆژێکە، بەڵام ڕۆژووە قەرزەکە کاتەکەی فراوانە.

٢٩- هەرکەسێك ڕۆژووی قەرزی لەسەربوو دروستە بە نییەتی قەرزەکە و ڕۆژووی عەرەفە بیگرێت، ئومێد دەکرێت کە پاداشتی هەردووکی دەست بکەوێت، کە ئەمەش وتەی هەندێك لە ئەهلی علیمی لەسەرە، وە شێخ ئیبنو عوسەیمین (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەتوای لەسەرداوە.

٣٠- بەڵام باشتر و تەواوتر ئەوەیە ڕۆژووی عەرەفە بەجیا بگرێت پاشان ڕۆژووە قەرزەکەی بگرێت، تا پاداشتی هەردوو ڕۆژووەکەی دەست بکەوێت، ڕۆژووە قەرزەکە و ڕۆژووی عەرەفە. مجموع اللجنة الدائمة (١٠/٣٩٨).

٣١- ئەو کەسەی لەسەفەردایە دروستە ڕۆژووی عەرەفە بگرێت مادام نارەحەت نەبێت لەسەری.

٣٢- هەرکەسێك ڕۆژووی عەرەفەی نەگرێت بەهۆی نەخۆشی یان سوڕی مانگانە یان شیردان، وە عادەتی وابوو هەموو ساڵێك بەڕۆژوو دەبوو ئەوا پاداشتی ڕۆژووگرتنەکەی بۆ هەیە بەپێی نییەتەکەی، وە با هەوڵبدات کردەوەی چاك ئەنجام بدات و هۆکاری لێخۆشبوون بگرێتەبەر.

وەکو لەو فەرموودەیەدا هاتووە: «إِذَا مَرِضَ العَبْدُ، أَوْ سَافَرَ، كُتِبَ لَهُ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ مُقِيمًا صَحِيحًا».

رواه البخاري (٢٩٩٦).

واتە: ئەگەر بەندەیەکی موسڵمان نەخۆش کەوت یان سەفەری کرد، ئەوا ئەو کردەوانەی بۆ دەنوسرێت کە لەکاتی لەشساغی و لە ماڵی خۆیدابووە ئەنجامیداوە.

٣٣- سووربە لەسەر ئەوەی خوای گەورە لەتاوانەکانت خۆش بێت لەکاتی خۆرئاوابوونی ڕۆژی عەرەفە.

٣٤- تەکبیرەکردنی سنوردار (المقید) لە یەکەم ڕۆژی عەرەفە دەستپێدەکات لە دوای نوێژە فەرزەکان بۆ جگە لە حاجییەکان، وە بۆ حاجییەکان لە یەکەم ڕۆژی جەژن دەستپێدەکات تا کۆتا ڕۆژی جەژن.

٣٥- ئومێد دەکرێت دوعای ڕۆژی عەرەفە گیرابێت، بۆیە زۆر دوعا بکەن ئەوەی خێرە بۆ دونیا و قیامەت، بە زەلیلی و دەست بەرزکردنەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " خَيْرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ ". رواه الترمذي (٣٥٨٥). وحسنه الألباني.

واتە: باشترین دوعا دوعا کردنە لە ڕۆژی عەرەفە.

٣٦- گرنگ ئەوەیە: لەکاتی دوعاکردن دڵ لەو شوێنە بێت و ئاگای لە دوعاکردنەکەی بێت و خۆی داببڕێت لە خۆشییەکانی دونیا و ڕوو لە خوای گەورە بکات و ڕەزامەندی خوا بەدەستبێنێت.

٣٧- باشتر وایە ئەو دوعایانە بکرێت کە لە قورئان و فەرمووده صەحیحەکاندا هاتووه، وەکو: [رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ] (البقرة: ٢٠١).

"اللهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِي، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي فِيهَا مَعَادِي، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ، وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ"،

وه جگە لەو دوعایانە دەتوانێت بەهەر دوعایەك پێی خۆشە بپاڕێتەوە.

٣٨- لە داواکارییەکان لە دوعاکانی پێغەمبەری خوا ﷺ: داوای لێخۆشبوون، و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ و تەقوا و پاکیزە و پاکێتی و دەوڵەمەندی و داپۆشراوی لە تاوانەکان و ڕزق و پاراستن و لەشساغی و سەرکەوتن و ئەمن وئاسایش، و لە هەمووی گەورەتر ئەوەیە: فیردەوس و بینینی خوای گەورە، با لەو ڕۆژە دوعاکانمان بەمانە دەست پێبکەین.

٣٩- پێویستە کاتەکانمان ڕێکبخەین لە خوێندنی زیکر و قورئان و دوعاکردن و جۆرەها زیکر، دوعا کردن بۆ خۆی و دایك و باوك و منداڵ و خێزان و کەس نزیکەکان و زانایان و هاوڕێ و ئەو کەسانەی

حەقیان هەیە بەسەرییەوە و هەموو موسڵمانان، وە ئاگاداربن زۆریش ئاگاداربن لە کەمتەرخەمی لەو ڕۆژەیا چونکە تەنها ڕۆژێکە بەئاسانی نایاتەوە.

٤٠- لە دوعاکانی ئیمامی ئیبنو عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لەو ڕۆژەدا: **لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ, لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ, وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ اللهُمَّ اهدِنا بالهُدَى، وَزيِّنَّا بالتُّقَى، واغفِر لَنا فِي الآخِرَةِ والأُولَى.**

پاشان دەنگی نزم دەکردەوە و دەیفەرموو: **اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ وَعَطَائِكَ رِزْقًا طَيِّبًا مُبَارَكًا.**

اللَّهُمَّ إِنَّكَ أَمَرْتَ بِالدُّعَاءِ، وَقَضَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ بِالِاسْتِجَابَةِ، وَأَنْتَ لَا تُخْلِفُ وَعْدَكَ، وَلَا تَكْذِبُ عَهْدَكَ، اللَّهُمَّ مَا أَحْبَبْتَ مِنْ خَيْرٍ فَحَبِّبْهُ إِلَيْنَا، وَيَسِّرْهُ لَنَا، وَمَا كَرِهْتَ مِنْ شَيْءٍ فَكَرِّهْهُ إِلَيْنَا وَجَنِّبْنَاهُ، وَلَا تَنْزِعْ عَنَّا الْإِسْلَامَ بَعْدَ إِذْ أَعْطَيْتَنَا.

٤١- ئەو موسڵمانەی ئومێدی هەیە خوای گەورە لێی خۆش بێت و ڕزگاری بکات لە ئاگری دۆزەخ، پێویستە ئەندامەکانی لاشەی بپارێزێت لە حەرامکراوەکان، داوای لێخۆشبوون بکات لە خوای گەورە، سووربێت لەسەر نەگەڕانەوە بۆ تاوان، و

پەشیمان بێت لەو هەڵانەی کردوویەتی، بەهەمان شێوە هەموو ساڵەکە بەوشێوەیە بێت.

٤٢- وەستان لە کێوی عەرەفە لە گەورەترین ڕوکنەکانی حەجە -وە عەرەفە هەموو شوێنی وەستانە جگە لە بەتنی عورەنە- وەك لە فەرموودە هاتووە: " **الْحَجُّ عَرَفَةَ** "رواه أبو داود (١٩٤٩), والترمذي (٨٨٩), وصححه الألباني.

واتە: «گەورەترین ڕوکنی حەج ڕاوەستانە لە کێوی عەرەفە».

٤٣- حاجییەکان لە ڕۆژی نۆیەمی مانگی حاجیان لە میناوە دەڕۆن بۆ عەرەفە، تا لەوێ ڕاوەستن و تەلبیە

بکەن و الله اکبر بکەن، هەروەکو چۆن هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کردیان لە حەجیماڵئاوایی.

ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی: " كَانَ يُلَبِّي الْمُلَبِّي لَا يُنْكَرُ عَلَيْهِ , وَيُكَبِّرُ الْمُكَبِّرُ فَلَا يُنْكَرُ عَلَيْهِ". رواه البخاري (٩٧٠)، ومسلم (١٢٨٥).

واتە: هەبوو تەلبیەی دەکرد کەس ئینکاری نەدەکرد وە هەبوو الله أکبری دەکرد کەس ئینکاری نەدەکرد.

٤٤- ڕاوەستان لەکێوی عەرەفە دەستپێدەکات لە دوای لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لە ڕۆژی عەرەفە و بەردەوام دەبێت تا دەرچوونی خۆر لە ڕۆژی یەکەمی جەژن.

٤٥- ئەگەر خۆر دەرچێت لە یەکەم ڕۆژی جەژن کەسێك لە کێوی عەرەفە ڕانەوەستابێت ئەوا حەجەکەی قەبوڵ نییە، ئەگەر لەوکاتە ڕاوەستابێت ئەوا حەجەکەی دروستە.

٤٦- هەرکەسێك لە ڕۆژی عەرەفە ڕاوەستابێت پێویستە لەسەری ڕابوەستێت تا خۆرئاوابوون، پێغەمبەری خوا ﷺ لەکێوی عەرەفە ڕاوەستابوو لەکاتی خۆرئاوابوون بوو فەرمووی: « لِتَأْخُذُوا مَنَاسِكَكُمْ »

واتە: «حەجەکەتان لە من وەربگرن».

ڕۆیشتن لە کێوی عەرەفە پێش خۆرئاوابوون لە کردەوەی سەردەمی نەفامییە وە ئیسلام هات پێچەوانەی ئەوانی کرد.

٤٧- هەرکەسێك لە ڕۆژی عەرەفە لە کێوی عەرەفە ڕاوەستابوو بەڵام پێش خۆرئاوابوون لەوێ ڕۆیشت ئەوا دەبێت ئاژەڵێك سەرببڕێت، وە ئەگەر ویستی ئەو هەڵەیەی چاك بکاتەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە پێش دەرچوونی خۆری یەکەم ڕۆژی جەژن، ئەوکاتە هیچی لەسەر نییە.

٤٨- هەرکەسێك لە کێوی عەرەفە ڕاوەستا بەس شەوەکەی، یەعنی نەهاتووە بۆ کێوی عەرەفە تەنها لەدوای خۆرئاوابوون، ئەوا دروستە و هیچی لەسەر نییە.

٤٩- دروستە بۆ حاجییەکان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە جەمع بکەن، عەسر بێننە لای نیوەڕۆ وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ کردوویەتی، وە ئەگەر لەوێ نەبوون ئەوا یەکێکیان بانگ دەدات و لە خێمەکانی خۆیان نوێژ دەکەن.

٥٠- باش وایە و سوننەتە بۆ حاجییەکان لەکێوی عەرەفە خەریکی زیکر و دوعا و قورئان خوێندن بن، وە زیاتر باس لە دوعاکردن کراوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " خَيْرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ ". رواه الترمذي (٣٥٨٥). وحسنه الألباني.

واتە: باشترین دوعا دوعا کردنە لە ڕۆژی عەرەفە.

٥١- ڕۆژی عەرەفە ڕۆژی لێخۆشبوون و ڕزگاربوونە لە ئاگری دۆزەخ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مَا مِنْ يَوْمٍ أَكْثَرَ مِنْ أَنْ يُعْتِقَ اللهُ فِيهِ عَبْدًا مِنَ النَّارِ، مِنْ يَوْمِ عَرَفَةَ، وَإِنَّهُ لَيَدْنُو، ثُمَّ يُبَاهِي بِهِمِ الْمَلَائِكَةَ، فَيَقُولُ: مَا أَرَادَ هَؤُلَاءِ؟» رواه مسلم (١٣٤٨).

واتە: «هیچ ڕۆژێك نییە بە ئەندازەی ڕۆژی عەرەفە خوای گەورە خەڵکی ڕزگار بکات لە ئاگری دۆزەخ، وە خوای گەورە خۆی لە بەندەکانی نزیك دەکاتەوە (نزیك بوونەوەیەك شایستەی خوای گەورە خۆیەتی و چۆنییەتەکەی نازانین و ناشوبهێنرێت بە

دروستکراوەکانی) پاشان شانازی دەکات بەسەر فریشتەکانی و دەفەرمووێت: بەندەکانم چییان دەوێت؟».

خوای گەورە کە بە فریشتەکان دەفەرمووێت بەندەکانم چییان دەوێت خوای گەورە خۆی شارەزاترە کە چییان دەوێت « مَا أَرَادَ هَؤُلَاءِ؟» واتە: چی شتێکیان دەوێت، کە شوێن و ماڵی خۆیان و سەروەت و سامانی خۆیان جێهێشتووە و هاتوون بۆ ئێرە؟! واتە: هیچ شتێکیان ناوێت تەنها لێخۆشبوون و ڕەزامەندی خوای گەورە و نزیك بوون لێی و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ

نەبێت، هەرکەسێك هاتبێت بۆ ئەمە ناترسێت لەوەی ڕەدد بکرێتەوە.

واتاکەی ئاوهای لێدێت: ئەوەی هاتبێت بۆ ئێرە ئەوەی دەست دەکەوێت کە خۆی دەیەوێت، پاداشتیان دەدرێتەوە بەپێی کردەوە و نییەتیان. مرقاة المفاتیح (٥/١٨٠٠) بە دەستکارییەوە.

٥٢- لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: " إِنَّ اللَّهَ يُبَاهِي بِأَهْلِ عَرَفَاتٍ أَهْلَ السَّمَاءِ، فَيَقُولُ لَهُمْ: "انْظُرُوا إِلَى عِبَادِي جَاءُونِي شُعْثًا غُبْرًا" رواه الإمام أحمد (٨٠٣٣)، وابن حبان (٣٨٥٢)، وهو فی صحیح الترغیب.

واتە: «خوای گەورە شانازی دەکات بە خەڵکی کێوی عەرەفە لای فریشتەکانی ئاسمان، دەفەرمووێت: تەماشای بەندەکانم بکەن هاتوون شوێن و جێگای خۆیان جێهێشتووە و لاشەیان تەپوتۆزاوی بووە».

٥٣- زانایان دەفەرموون: شانازی کردنی خوای گەورە بە حاجییەکان لەلای فریشتەکان "بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە لێیان خۆش بووە، لەبەر ئەوەی شانازی ناکات بە کەسانی تاوانبار و خراپەکار ئیللا لەدوای لێخۆشبوونیان نەبێت". التمهيد لابن عبدالبر (١/١٢٠).

٥٤- ڕۆژی عەرەفە جەژنە بۆ ئەو کەسانەی لەو شوێنەن، ڕۆژی لێخۆشبوون و ڕزگاربوونیانە لە ئاگری دۆزەخ، بۆیە بۆ حاجییەکان سوننەت نییە بەڕۆژووبن، تا بتوانن زیکر و یادی خوای گەورە بکەن و دوعا بکەن، وەکو شوێن کەوتنێك بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «يَوْمُ عَرَفَةَ وَيَوْمُ النَّحْرِ وَأَيَّامُ التَّشْرِيقِ هُنَّ عِيدُنَا أَهْلَ الْإِسْلَامِ هُنَّ أَيَّامُ أكل وشرب». رواه أبو داود (٢٤١٩)، والترمذي (٧٧٣)، وصححه الألباني.

واتە: «ڕۆژی عەرەفە وە ڕۆژی قوربانی و سێ ڕۆژەکەی بەدوایدا دێت ڕۆژانی جەژنن بۆ ئەهلی ئیسلام، ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەن».

٥٥- لە کۆتاییدا ...

° هەرکەسێك نەیتوانیوە بەشداری حەج بکات و لە کێوی عەرەفە بێت، با حەقی خوای گەورە جێبەجێ بکات بەپێی ئەوەی دەزانێت.

° ئەوەی قسمەتی نەبووە لە موزدەلیفە بێت، با هەستێت بە عیبادەتکردنی خوای گەورە کە خوای گەورە لێی نزیکە.

° هەرکەسێك توانای دوورکەوتنەوەی نەبووە لەبەر ترس، با هەستێت بە جێبەجێ کردنی حەقی خوای گەورە بە ترسەوە.

° ئەوەی توانای نەبووە لە مینا ئاژەڵەکەی سەرببڕێت با لە شوێنی خۆی سەری ببڕێت دەگات بە خوای گەورە.

° ئەوەی نەیتوانییەوە بگات بە کەعبەی پیرۆز لەبەرئەوەی توانای نەبووە و دوورە لێی، با خوای کەعبە لەخۆی ڕازی بکات و عیبادەتی بۆ بکات کە لە شا دەمارەکانی ملی نزیکترە. لطائف المعارف، لاپەڕە (٧٨٢).

داوا دەکەین لە خوای گەورە لێمانی وەربگرێت

لێمان خۆش بێت ڕەحممان لێ بکات

لەو کەسانە بین کە ڕزگاریان دەکات لە ئاگری دۆزەخ

والحمد لله رب العالمين..

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

**برا و خوشکی موسڵمان :**

(ماڵپەڕی بەهەشت ، ماڵپەڕی وەڵامەکان ، کەناڵی بەکورتی)

لە لایەن یەک ستافەوە بەڕێوە دەبرێت ، لە ژێر چاودێری کۆمەڵێک مامۆستای بەڕێز و شارەزای ئەهلی سوننە ، ئەوەی کە بزانین خێر و چاکە و ئێوەی بەڕێز شارەزا دەکات لە حوکمە شەرعییەکان ئێمە ئامادەی دەکەین و بە کورتی و پوختی دەیخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز .

**تەنها داواکاری ئێمە لە ئێوەی بەڕێز ئەوەیە :** بابەتەکانمان بگەیەنین بە هاوڕێ و کەسانی تر بۆ ئەوەی خەڵکانێکی زیاتر سودمەند بن و ئێوەی بەڕێزیش بەشداربن لە خێرەکەی .

**تێبینی :** هەر بەڕێزێک پێی خۆشە هاوکارمان بێت لە بەرەو پێشچونی کارەکانمان دەتوانێت پەیوەندیمان پێوە بکات لە ڕێگەی ئەم لینکەوە

https://t.me/malpariba8